ڕیفۆرمی پەروەردەیی لێرەوە دەست پێدەکات

ن /دلێرکریم

ماوەیەکە باس لە ڕیفۆرمی پەروەردەیی دەکرێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی بەرچاو گفتوگۆو دیدار لەگەڵ خەڵك و کەسی پسپۆردا دەکەن و هەموو لایەك ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆر پێویستە ڕیفۆرمی پەروەردەیی بکرێت، ڕۆژنامەکانیش بەزۆری گرنگییان بەم باسە داوەو هەنگاوی باشیان هاوێشتووە بۆهەوڵدان و پشتگیری کردن لە گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو ڕیفۆرمی پەروەردەیی، زۆربەی زۆری ئەو نووسینانەی لەسەر ئەم بوارە دەنوسرێن (کە من زۆربەیان دەخوێنمەوە) باس لە کۆمەڵێك خاڵی زۆرگرنگ و پێویست دەکات بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو ڕیفۆرمی پەروەردەیی کە جێبەجێ کردنیان جێگای خۆشحاڵی و دەستخۆشیە، نووسینەکانی فایەق سەعید لەم چەند ساڵەی دوایدا تەواو سەرنجی ڕاکێشاوە(ئەوانەی ڕۆژنامەکان و کتێبی تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار) و زنجیرە نووسینەکەی عەمەد چۆمانی هاوڕێم لە هەفتەنامەی ڕێگای کوردستاندا کە دواتر لە نامیلکەیەکی بچووکدا ڕێگای کوردستان بۆی بڵاو کردەوە بەناوی(ڕیفۆرمی پەروەردەیی و شکاندنی بەربەستەکان)، لەگەڵ هەموو ئەو بابەتانەی تردا کە بۆی دڵسۆزیان لێدێت و ماندووبوون و هیلاکییەکی عاقڵانەیان پێوەدیارە، ڕەنگە زۆربەی خەڵکی کوردستان بە خوێنەوارو نەخوێنەوارییەوە باش ئەوە بزانێت کە چاککردنی بواری پەروەردە و ڕیفۆرم کردن تێیدا لەبەرژەوەندی میللەتە کەماندایە بەتایبەت ئەوەی داهاتوو، هەموومان کۆکو تەباین لەسەر ئەوەی کە لابردنی ئاسەوارەکانی بەعس خزمەتێکی زیاترمان پێدەکات و دامانەدەبێت لە کلتوری توندو تیژی و ترس و تۆقاندن کە بەعس زۆر بەجددی کاری بۆ دەکرد، بەڵام من پێم وانییە ئەو خاڵانەی کەوا باس دەکرێن بتوانرێ جێبەجێ بکرێت بەئاسانی، بەتایبەت ئەو خاڵانەی وا جەخت ئەکەنەوە لەسەر گرنگی دان بە زانست و زانیاری و ئاستی ڕۆشنبیری خوێندکارو شوێن وڕێگای ئەو لە قوتابخانەدا، بینایەی وا هەیە زیاد لە دووسێ دەوامی تێدایە و ئەوەش ئاسەوارێکی خراپی هەیە لەسەر سیستەمی پەروەردە، کەچی باس لەوە دەکرێت هەر بینایەیەك تەنها یەك دەوامی تێدابێت، ئێمە لەدوای ڕاپەڕینەوە زۆر هەڵی زێڕینمان لەدەست دا کە نەدەبوو لەدەستی بدەین، بروانە ژمارەی ئەو مزگەوت و بینا حکومییانە چەند جاری ژمارەی ئەو قوتابخانانەیە کە دروست کراون؟، چیمان کردووە بۆ ئەوەی قوتابخانە وەك مولکی حکومەت تەماشا بکرێت، نەك مولکی مامۆستا؟، چۆن نیگەران نەبم و ڕەش بین نەبم کە خوێندکارێك بڵێ با لە ڕێی مامۆستاکەم شووشەی پەنجەرەکە بشکێنم؟، تەماشای ڕێژەی دابەش کردن و ژمارەی ئەو بەرمیلە نەوت و موبەریدەو زێپایانە بکە کەدابەش کراون بەسەر فەرمانگەکانی حکومەتدار بەراوردێکیان بکە لەگەڵ ئەوانەی دراون بەقوتابخانەکان، بزانە شەرم ناتگرێ؟!، من کە ئەو نووسینانە دەبینم و پێشنیارەکان دەخوێنمەوە دەڵێم ئەگەر بێتو ئەو خاڵانە جێبەجێ بکرێت(کەناکرێت) ئەوا قوتابخانە بەڕاستی دەبێتە جێگای زانست و زانیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، ئێمە لەوڵاتێکدا دەژێین ئەگەر ساڵانە (٥٠) دۆلار بدرێتە خوێندکارەکانی وادەزانرێ کێشەی بواری پەروەردە کۆتایی هاتووە، ئێستا کە لە زستاناین ژووری مامۆستاو خوێندکاریش زۆرپای تێدا نییەو لەبەر سەرما کەس خۆی ناگرێ و تا تەواو بوونی وانەی یەکەم و دووەم ناوێری بنووسی، کە چی لەولاوە باس لە ڕیفۆرمی پەروەردەیی دەکرێت؟، سەیرە لەکاتی تاقیکردنەوەی ئەزموونە گشتیەکاندا لەبەر گەرما خوێندکار حاڵی نییەو دائیرەو دەزگاحکومییەکان سپلێت و ئامێری فێنك کەرەوەی تازە بابەتی تێدایە، بەناوی گۆڕینی مەنهەجەوە دنیایەك هەڵە لە کتێبەکاندا کراوە!، من بۆ خۆم سەرم سوڕدەمێنی لەو هەڵە گەورانەی کە لە کتێبەکاندا هەیە، ئەگەر لە کتێبێکدا هەڵەیەك یان دووان هەبێت ئەوا شتێکی ئەوتۆ نییە، بەڵام مانایی نییە لە یەك پەڕەدا یان لە یەك بەشدا دەیان هەڵەی گەورە بکرێت، وەك پێشتر ئاماژەم پێی کرد هەموومان لەگەڵ پێشکەوتن و ڕیفۆرمداین، بەڵام بەو مەرجەی تەنها قسەی بریقەدارو خەڵەتێنەر نەبێت، یان ڕوونتر بڵێم ئەو خاڵانەی باس دەکرێن بەتایبەت لەڵایەن پیاوانی دەسەڵات و وەزیرە بێ ئاگاکانەوە لە ئاستی مەحاڵدا نەبن، من دڵنیام تا نەتوانی لە زستاندا زۆپاو ئامێری گەرم کەرەوەو، لە هاویندا موبەریدەو سپلێت و ئامێری فێنك کەرەوە دابین بکەیت، بەتەئکید قسەکردن لە ڕیفۆرمی پەروەردەی و گۆڕینی سیستەمی پێشووتر قسەیەکی بێماناو بێ ئەنجامە، ئەو ڕایەی شێرزاد حەسەن زۆر ڕاست و دروستە تا قوتابخانە خۆشتر نەبێت لە ماڵ، کەس ئارەزووی چونە قوتابخانەو خوێندنگە ناکات، حکومەت کارەبای قوتابخانەکان دابین نەکات چۆن قوتابی فێری کۆمپیوتەر دەبێت؟!

ئەبێ ئەو کەسانەی وا دڵسۆزی بواری پەروەردەن قسە لەمەحاڵ نەکەن، ئەبێ کەسێك قسە لەوبوارە بکات نەك وانەیەکی تەواو بەڵکو نیو کاتژمێر ئامادە بێت لە ژوورێکی بێ زۆپادا دابنیشێ، کە (ڕیفۆرمی پەروەردەیی و شکاندنی بەربەستەکان)م خوێندەوەو گەشتمە ئەو ڕایەی کە بەربەستەکان زۆر سەخت و دژوار نین، بەڵام ئەوە حکومەت و دەسەڵاتدارانە ئیشی بۆ ناکەن، دەسەڵاتدارانیش دەزانن بوونی ٢٠ خوێندکار لە پۆلێکدا باشترە تا ٣٥ خوێندکار، بەڵام کێ هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکات؟، ئێستاش لە ناوەندەکانی خوێندندا ئەگەر ناسیارێکت نەبێ نابی بە بەرێوەبەری کەرتێکی تاقیکردنەوە، ئەگەر ئارەزووی شوێنێکی نزیکت هەبێ جێبەجێ ناکرێت تا نەچیت کەسێك بدۆزیتەوە کە لە سەرەوە پشتگیریت لێبکات، قسەکردن لەشتی خەیاڵی جگە لەخۆ ماندوو کردن هیچی تر نییە، لەکۆتاییدا دەڵێم ڕیفۆرمی پەروەردەیی لەهۆڵە ساردوو گەرمەکانی قوتابخانەکانەوە دەست پێدەکات، نەك لە ژوورە پڕ لە تەخت و قەنەفەی بەرپرسەکانەوە.

ئەمجارەش «باخان»ێکی دیکە،نا.. بۆ توندوتیژیی

کەژاڵ ئیسماعیل

وێرای ئەو کێشە لە بن نەهاتووانەی وا لە کوردستان بوونەتە ڕێگر لە بەردەم ژیانێکی ئاسودە و بێخەمدا، دەیان کێشەی لاوەکی دیکە هاتوونەتە ئاراوە کە ڕۆژانە دەیان گەنج و منداڵ دەکاتە قوربانیی ئەو کێشە چارەنەکراو و فەرامۆش کراوانە.

هەرچۆنێك بێت خێزانەکان وەك گوڵەبەڕۆژە لەگەڵ ڕووداو و کارەسات و کێشەکانی ڕۆژدا ئەسوورێن تا ژیان بگوزەرێنن، گەر داخوازی خۆیان نەبێت، گرنگ نەبوونی تیرۆرو تاژاوەیە و کورد وەتەنی (هەرسەر سەلامەت بێت)، گەرچی نەبوونی کارەبا و ئاو و بەرز بوونەوەی نرخی سووتەمەنی و نەبوونی غازو گرانیی نرخی شتومەك لە بازاڕەکاندا خەڵکی بێزار کردووە و زۆر لەخۆیان دەکەن، یان بۆ ئاسودەیی منداڵەکانیان گوێی خۆیان ئاخنیوە و هیچ ناڵێن، بەڵام بەداخەوە ئەو منداڵانەی لەو بارودۆخە گەرانەدەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوبەر. واتە جارێکی دیکە گران و نالەبارەدا لەباوەشی پڕ لەسۆزی خێزاندا دەژین، قەرەبوو کردنەوەی ئەو بارودۆخە و دابینکردنی پێداویستیەکانیان لە ماڵی بەناو دووەم کە قوتابخانە و خوێندنگاکانن بەهیچ شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتەوە گرنگییان پێ نادرێ. لەحاڵێکدا، وا پێویست دەکات دەسەڵات ئەرکی پاراستن و پەروەردەکردنیان لە ئەستۆ بگرێت. بەڵام کامە پەروەردە؟ پەروەردەیەکی سەقەت!؟

ساڵانێك لەمەوبەر لە ئەنجامی بەکارهێنانی توندو تیژیی لەناو خوێندنگاکاندا، وەزارەتی پەروەردە بڕیارێکی تایبەت بە (قەدەغەکردنی توندوتیژیی و لێدان) ی لەخوێندنگاکاندا دەرکرد و بە خۆشحاڵییەوە ئەو دیاردە ناشارستانی و نامرۆڤانەیە کۆتایی پێهات. بەڵام چەن مانگێك لەمەوبەر و هەر لەلایەن هەمان وەزارەتەوە بڕیاری بەکارهێنانی (توندوتیژیی) بەرامبەر بە قوتابیان و خوێندکاران لە خوێندنگاکاندا دەرکراو سیستمی پەروەردەو خوێندنی هەرێمەکەی، لەبری داهێنان و تازەگەری لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و دابینکردنی پێداویستی و ماف و داخوازەکانی منداڵان و خوێندکاران گەڕاندەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوبەر. واتە جارێکی دیکە توندوتیژیی و لێدان وەك هەنگاوێکی ناشارستانێتی و دژ بە مافەکانی منداڵان بەگشتی، ئاسایی کرایەوە. جانازانم مەبەست لەم بڕیارە دوورخستنەوەی منداڵانە لە کەش و هەوای خوێندن و ڕاونانیانە بۆ سەرجادەو سەرگەردانکردنیان؟ یان دەستخستنە ناو خوێنی ئەو منداڵانەیە کە دەبنە قوربانی ئەو پەروەردە و مەنهەجە سەقەتەی کەلەئەنجامیدا مردن لە ژیان بە ئاسوودەتر دەزانن و هەڵیدەبژێرن!؟

بەداخەوە بەڕێوەبەر و مامۆستایان، بێگومان هەموویان نا، بەڵام زۆریان وەك ئەوەی داهێنانێکی نوێ فێری قوتابیان بکەن یا (زێڕیان لەناو قوڕا دۆزیبێتەوە) زۆر بەپەرۆشەوە بەرەو ئەو بڕیارە مل ئەنێن و بێ سێودوولێکردن دەکەونە وێژەی قوتابیان، کە ئەمە دژ بە پەیام و ڕەوشی مامۆستای ڕاستەقینەیە. وەك چۆن پێویستە مامۆستا ئەو کەسە بەرزو پیرۆزە بێت کە پەیامێکی بەنرخ و پیرۆزی لەئەستۆ گرتووە و بە ئەمانەتەوە ئەو پەیامە بگەیەنێت ئەویش پەروەردەو فێرکردنە ، ئاواش پێویستە هەڵگری ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەبێت کە شایستەیە لەو کەسایەتییە دا هەبێت وەك: (دڵسۆزی، ئارامی، زیرەکی، بەهێزی، زمان پاراوی، خۆڕاگریی و وەفا، لە هەموویشیان گرنگتر بوونی شارەزایی تەواوە لەبواری پیشەکەی خۆیدا). پێویستیشە کەم تا زۆر شارەزایی هەبێت لە بواری دەروونناسیدا تا نەکەوێتە هەڵەی بەیەك چاو تەماشکردن و مامەلەکردن لەگەڵ قوتابیاندا و، هەروەها ڕەچاوی جیاوازی تاکەکەسایەتییەکان و پێکهاتەی دەروونیان بکات. بەڵام ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەچاو ناکرێت ئەو خاڵە گرنگەیە کە مامۆستا پێویستی بە کارامەیی هەیەو، بەپێچەوانەوە زۆر لەمامۆستایان ئەو پیشەیە وەك پیشەیەکی ئاسان هەڵدەبژێرن و پێیان وایە پێویستی بە ماندوبوون نییە، کە ئەمیش هۆکارێکی گرنگە بۆ پێگە یاندنی نەوەیەکی لاواز لەبواری زانستی و ڕۆشنبیریدا و بەواتایەکی دیکە ئەو کۆمەڵگەیەی مامۆستای لاواز بێت نەوەکانیشی لاوازو کەم توانا دەبن.

بەداخەوە هەرلەم ماوە کەمەی ڕابردوودا، چەند ڕووداو و کارەساتی دڵتەزێن لە ئەنجامی بەکارهێنانی توندوتیژیی و لێدان لە خوێندنگاکاندا چ خوێندنگای کوڕان و چ هی کچان ڕووی داوە کەخوێندکاران بوونەتە قوربانی ئەم کارە ناشارستانی و دژ بە هەموو یاسا و پرینسیپێکی پەروەردەیی.

وەك ئاگادارین، دواترین هەواڵ بوونە قوربانیی «باخان کەمال» ی جوانەمەرگ بوو، کە لە ئەنجامی سووکایەتی پێکردن و شکاندنی لە لایەن مامۆستایەکی خوێندنگاکەیەوە (کە من دڵنیام ئەو هەموو شتێك بێت مامۆستا نییە) ڕوویدا. دیارە گەر خۆشی نەسووتاندبێت ئەوا بەشێوەیەك کاری لە دەروون و ناهاوسەنگ کردنی هەڵسوکەوتی کردووە کە بێ ئاگابێت لە دەروبەری خۆی و ئەنجام بێتە قوربانی سیستمێکی سەقەت و پەروەردەیەکی سەقەتتر!

بۆیە لێرەوە داوا لە وەزارەتی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان دەکەم کە هەرچی زووترە لەم بریارە پاشگەزبێتەوە و، لێدان و توندوتیژیی قەدەغەبکرێت لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، تا منداڵانی کوردستانیش وەك هەموو منداڵانی وڵاتە پێشکەوتخوازەکان سوود لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و دواتر لەداهاتی کوردستان وەربگرن و، لەکەش و هەوایەکی ئازادو دوور لە چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەکردن پەروەردە بکرێن. چونکە نەبوونی کارەبا و ژووری ساردەکانی خوێندن و تەختە ڕەقەکانی دانیشتن و تاقی کردنەوە پەروەردەیی و وزاریە تەقلیدییەکانی بەناو (بەکەلۆری)، خۆیان لەخۆیاندا گەورەترین سزاو توندوتیژیین کە بەرامبەر بەمنداڵان و سەرجەم خوێندکارانی کوردستان ئەنجام ئەدرێن.

٢٧ -١- ٢٠٠٧

باخان کەمال

قوربانیەکی تری سیستەمی دواکەوتوی خوێندن و توندو تیژی لە دژی منداڵان!

ڕۆژی ١٨-٠١-٢٠٠٧ لە قوتابخانەی دوانارەندی ڕزگاری کچان لە شاری سلێمانی ، لە کاتی تاقی کردنەوەدا باخان کمال خوێندکاری پۆلی سێیەمی ناوەندی قۆپیەی لێ ئەگیرێ و بە هۆی ئەمەوە لە لایەن مامۆستاکەیەوە پەلامار ئەدرێ و ئیهانە و سوکایەتی پێدەکرێت ، لە نێو هاوپۆلەکانیدا حورمەتی ئەشکێندرێت و پێی ڕائەگەیەنن کە بە هۆی ئەم کارەیەوە لە قوتابخانە فەسل ئەکرێت .

ئەم مامەڵە نادرست و هەڕەشەی فەصڵ کردنە و لە هەمان کاتدا شکاندنی کەسێتی باخان لە لایەن مامۆستاکەیەوە، کاریگەریەکی زۆر خراپ لە سەر باخان دائەنێت ، کاتێ کە ئەگەرێتەوە بۆ ماڵەوە لای خوشکەکەی باسی ئەوە ئەکات کە خۆی ئەسوتینێ، ئیتر لە دوای ئەمە هەر لە ماڵی خۆیان ئاگر لە جەستەی ناسکی خۆی بەر ئەدات و٩٥٪ ی جەستەی خۆی ئەسوتێنێت ، سەرەنجام لە ڕۆژی ٢٢-٠١-٢٠٠٧ سەعات ١٠:٣٠ سەر لە بەیانی گیان لە دەست ئەدات .

ئەمە چ سیستەم و چ جۆرێك لە پەروەردەیە کە نامرۆڤانەو دیکتاتۆر ئاسا مامەڵەی خوێندکارەکانی ئەکات و بێجگە لە زمانی توندوتیژی و شکاندن و سووکایەتی پێکردن ولێدان و سزادان و ...تاد، هیچی تر نازانێت .

سیستەمی پەروەردە و مەنهەجەکانی خوێندنی ئەمڕۆ لە کوردستاندا داهێنراوی فاشی ترین و نائینسان ترین ڕژێمە و هی دەیان ساڵ لەمەوبەرن ، بەکارهێنانی توند و تیژی وسزادان و ...تاد ، کە لە گەڵ خوێندکاران ومنداڵاندا بەکار ئەهێنرێ ،دەبێ هەر ئەم جۆرە کارەساتانەی لێ چاوەروان بکرێت. هەر ماوەیەك لەمەو پێش بوو کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بە بەفەرمانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بریاری سزادانی منداڵانی گێڕایەوە، ئاشکرایە کە بەم پێیە بەکار هێنانی توندوتیژی لای ئەوان لێدان و سووکایەتی و شکاندن و ...تاد ، ئەمە شێوازی دروستی ئەم پرۆسەیەیە بۆ پەروەردە کردن و مامەڵە کردن لە تەك منداڵان وخوێندکاراندا.

باخان کمال تەنها تاکە قوربانی ئەم سیستەمە دواکەوتووە و ئەم شێوازە نا ئینسانی و نارەوایە نیە لە کوردستاندا ، عادل ، قینوس ، هێمن نوردین، قەهارو...تاد، ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکی ترو، چەند قوربانییەکی تری، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو شێوازە نامرۆڤانەیەیە کە بەشێك لە مامۆستایان لە خوێندنگاکاندا لەتەك منداڵاندا بەکاری دەهێنن، کە لە ئەنجامی لێدان و سووکایەتی وئیهانەو شکاندنەوە ناچار بەوە کران کە دەست بەبەن بۆ تازیزترین شتێك کە لە دنیادا هەیانە، کە گیانیانە ، ئاگری تێبەردەن وکۆتایی بە ژیانی خۆیان بهێنن .

ئایا بە ڕاستی خۆسوتاندن و گیانلەدەستدانی باخانەکان و عادلەکان تا چەند هەستی کار بە دەستانی ئەم وڵاتە ئەهەژێنێ و بە ئاگایان دێنێتەوە لەوەی کە لەژێر سایەی ئەم پەروەردەیە و ئەم شیوازە لە مامەڵەو لیدانەدا ، دەیان وسەدان منداڵی چاو گەشی تر ئەبنە قوربانی؟ ئایا تاکەی چاوەری بین ؟

ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان وێڕای ئەوەی کە تووڕەیی و بێزاری زۆری خۆمان بەرامبەر بەم ڕووداوە دەردەبرین ، لە هەمان کاتدا نەفرەت دەکەین لەو سیستەم و شێوازی مامەڵەو پەروەردەیەی کە ئەم قوربانیەی لی ئەکەوێتەوە، سەرەخۆشی خۆمان بە کەس و کاری باخانی ئازیز دەگەیەنین و لە دڵەوە بەشداری خەمیان ئەکەین ، لەم نێوەشدا پێش ئەوەی کە ئەو مامۆستایەی هەستاوە بە ئازاردانی و شکاندنی حورمەتی ئینسانی باخان لەم کارەساتە بەرپرس بێت ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کارەساتاندا بەرپرسن، ئاشکرایە بڕیاری سزادان و توندوتیژی وەزارەتی پەروەردەیە کە ئەم کارەساتانەی لێدەکەوێتەوە. لە هەمان کاتدا ئێمە دەمانەوێت ئەوە ڕابگەیەنین کە ئەم ڕووداوە ئەکەینە سەرەتای کەمپینێکی بەردەوام لە دژی بەکارهێنانی توندوتیژی وئیهانەو سووکایەتی کردن بە منداڵان و بۆ فشار هێنان بۆ سەر وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، با لە پێناوی لە ریشەوە گۆڕینی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بۆ پرۆسەیەکی ئازادیخوازو پێشکەوتووی سەردەمەوە، پاك کردنەوەی لە خورافەو توندو تیژی و مامەڵەی نامرۆڤانە، لە پێناوی پەروەردەیەکی دروست و ئایندەیەکی گەش بۆمنداڵان و لاواڵمان، لە پێناوی پەروەردەکردنی نەوەیەکی وشیارو مرۆڤدۆست بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردستان.

هەر لێرەشەوە داوا لە سەرجەم ریکخراوەکانی منداڵان دەکەین کە بۆ بەرگرتن لەم ڕووداوانە و دووبارە نەبوونەوەیان لە گەڵمان بن و بزوتنەوەی بەرگریکردن لە مافەکانی منداڵان بەهێز بکەن.

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان لە عیراق
www.santarimnalan.com
٢٠٠٧-٠١-٢٥

پرسەنامە

پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاوڕێی تێکۆشەرمان عومەر حەمەد تەها ئەندامی کۆمیتەی قەزای کۆیەی حزبمان دەکەین، بە بۆنەی شەهیدبوونی کاکە گۆرانی کوڕیەوە کە لە شاری بەغدا بەدەستی تیرۆریستان شەهیدکرا.
هیوادارین ئەمە دوا ناخۆشیو کۆستی بنەماڵە بەڕێزەکەیان بێت.

کۆمیتەی قەزای کۆیە

پرسەنامە

کۆچی دوایی (عەتیە کاکەمین) کە دەکاتە دایکی هاوڕێ بەکر تەیفور
پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزیانو گشت بنەماڵەکەیان دەکەین هیوادارین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵە بەڕێزەکەیان بێت.

کۆمیتەی قەزای دەشتی هەولێر
حزبی شیوعی کوردستان
٢٧/ ١/ ٢٠٠٧

پرسەنامە

بە کۆچی دوایی (عەتیە کاکەمین) کە دەکاتە دایکی هاوڕێ (بەکر تەیفور) پەیامنێری ڕۆژنامەکەمان، نیگەران بوونیو هاوخەمی خۆمان بۆ بەڕێزیوبنەماڵەکەیان دەردەبڕین، هیوادارین ئەوە دوا کۆستو ناخۆشیان بێت.

ڕێگای کوردستان

پرسەنامە

بەڕێز هاوڕێی خۆشەویستمان جافەر عەلی
بەڕێز بنەماڵەی کۆچکردوو
بەناوی کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبمانەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمانتان ئاراستەی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو(حەلاو عەبدول محمد امین) دەکەین و هیوادارین ئەوە دوا کۆستی بنەماڵەکەتان بێت .

کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی
حزبی شیوعی کوردستان

سوپاسنامە

بەناوی بنەماڵەی شەهیدان(حەسیب ونەجیب دوانزەئیمامی) یەوە ،سوپاسی هەموو ئەو خزم وکەس ودۆست ولایەنە سیاسی وجەماوەری وپیشەیی وحکومییانە دەکەین،کە ڕاستەوخۆ یان بە تەلەفۆن ونامە بەشداری پرسەی کۆچی دوایی دایکی ئازیزمانیان کرد.هەروەها زۆر سوپاسی هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی حزبمان وکۆمیتەی مەحەلی گەرمیان وهاوڕێیان ورێکخستنی دەکەین،کە بەتەواوی بەشداری پرسەکەیان کردین وهاوکاریان کردین.هیوادارین هەموو کاتێکیان لە خۆشی وکامەرانیدا بێ ونموونەیان زۆر بێ.

ئەدیب حسێن
لە جیاتی بنەماڵەی شەهیدان
(حەسیب ونەجیب دوانزەئیمامی)

سووپاسنامە

سوپاسو پێزانینی خۆمان ئاراستەی هاوڕێیانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی کوردستان و کۆمیتە پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوك و خانەقین و گەرمیان دەکەین کە بەشداری خەمو پەژارەمان بوون لە پرسەی باوکمدا و هەروەها سوپاسی هەموو ئەوانەش دەکەین کە بەنامە و تەلەفۆن و فاکس بەشدارو هاوخەمان بوون.
لەجیاتی بنەماڵەی کۆچکردو
د. فەرهاد

سوپاس پێزانین

بەناوی خزم و بنەماڵەکەمان سوپاسی هەموو کۆمیتەی پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوك و محەلی ئازادی و محەلی گەرمیان و خانەقین و هەموو هاوڕێیان و دۆستان و هەموو ئەوانەی بەشداری پرسەی دایکم بوون دەکەم.لەگەڵ ڕێزم بۆ ماندوو بوونتان.
هاوڕێتان
بابە عەلی جەباری

دەستخۆشیوپێزانین

بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکی تێکۆشەرمان (عەتیە کاکەمین ڕەسول) سوپاس‌وپێزانین ورێزی خۆمان بۆتەواوی ئەودۆست‌ودراوسێ‌وهاوڕێ و ئاشنایانەی کەبەشداری مەراسیمی ئاشتن‌وپرسەکەیان کردین‌وغەم‌وناخۆشییان کەمکردینەوەزەحمەتیان کێشاوئەوانەی بەنامەوپەیوەندیی بەشداریان کردوو، بەتایبەت دامودەزگا حزبی‌وحکومیەکانی بنەسلاوەوکۆمیتەکانی پارێزگای هەولێروکەرکوکی (حشکع) ونوێنەری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان‌وبنکەکانی گەیاندنی دارەتوو و بنەسلاوە وراگەیاندنی ناوەندی (حشکع) وپارتی کار ، بەهیوای سەرکەوتن بۆهەموولایەکتان .

لەجیاتی بنەماڵەی‌کوێخا تەیفور یارمجەیی / بەکرتەیفور